# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٠) لە ٢٠٢٢/١٢/٧

پشتبەستت بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٨) لە ٢٠٢٢/١٢/٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە نووسراویان ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢٢/٦/٣٠، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ئاڕاستەکردنی تێبینی و سەرنجەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە نووسراوی سەرەوەیان بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان تایبەت بە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی فیدراڵی تاوەکو لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم لە دەستووری عێراق بە تایبەتی هەردوو ماددەی (١١٤) و(١١٥) ڕێکبخرێتەوە و ئاگاداری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بکرێتەوە لێیان تا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ کاری لەسەر بکرێت.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پلاندانان، دارایی و ئابووری) بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی دروستکردنی بەنداوی نوێ و نۆژەنکردنەوەیان بە مەرجێک لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم بێت و کاریگەری نەبێت لەسەر ئەم دەسەڵاتانە لەژێر هیچ پاساوێکدا. بۆ ئەم مەبەستە، کاری پێویست لە چوارچێوەی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت.

٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ئەو بڕیار و فەرمانی تەرخانکردنانەی کە بۆ بەنداوەکان دراون و لە هۆکاری جێبەجێنەکردنیان بکۆڵنەوە و بە تایبەتی ئەو دوو ملیار دینارەی بۆ نۆژەنکردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان تەرخان کراوە وەک لە نووسراوی وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٣٧١٩) لە ٢٠٢٢/١٢/٦ و نووسراوی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ژمارە (٤٣٧) لە ٢٠٢١/١٢/١٢ هاتووە.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**